







# مێژووی دامەزراندنی مەدرەسەی" گەلاوێژ "

# ١٣٢٤ _ ١٩٤٦

ئامادەکردنی: فاڕووق فەرهاد

سوئید: ٢٠٢٢

پێشکەش بە بابی خۆشەویستم " عەلی فەرهادی " کە یەکێک لە مامۆستاکانی مەدرەسەی " گەلاوێژ " بوو.



عەلی فەرهادی

پێرست:


.پێشەکی........................................................................ ٤
.دامەزرانی مەدەرسەی گەلاوێژ.................................................... ٦
.كۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی كوردستان............................................ ١٠
.پێشکەوتن........................................................................ ١٤
.جێژنی دامەزراندنی مەدرەسەی گەلاوێژ............................................ ١٥
.قوربانی........................................................................ ١٨
.زۆر بوونی قوتابی.............................................................. ١٩
.کار چاکی........................................................................ ٢١
.جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان................................................ ٢٢
.یارمەتی........................................................................ ٢٥
.شانۆی سەلاحەدین ئەیوبی کورد.................................................. ٢٦
.بە ئەمری پێشەوا.............................................................. ٢٧
.مووژدە بە برایانی کورد........................................................ ٢٩
.مەسعوود حەسەنپوور............................................................ ٢٩
.٧ قوتابی مەدرەسەی گەلاوێژ.................................................... ٣١
.بۆ ئاگاداری ئاوالان.............................................................. ٣١
.پۆلی ساوایان.................................................................... ٣٣
.جێژنی یەک ساڵەی مەدرەسەی گەلاوێژ............................................ ٣٥
.عەزیز ئیبراهیمیان.............................................................. ٣٨

## پێشەکی

مەدرەسەی " گەلاوێژ " یەکەم مەدرەسەی زمانی کوردیە کە ٨ مانگ پێش ڕاگەیاندی کۆماری کوردستان دامەزرا. خزمەتێکی کە ئەم مەدرەسە بە زمانی کوردی کرد ئێشتاش شوێنی لە مێژووی نەتەوەی ئێمەدا ماوە.

مەلای داودی یەکەم کەس بوو کە ئەو بیرۆکەی لە گەڵ پێشەوا باس کردووە وە پێشەواش بە گیان و دڵ پێشوازی و تا ئەو جێگای بۆی کرا یارمەتی و پشتیوانی لێکرد.

مێژووی دامەزراندنی ئەم مەدرەسەیە بە تەواوی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار دا نووسراوە و چاپ کراوە، مودیری ئەو مەدرەسە " مەلای دوادی " ڕاپۆرتی تەواوی نووسیوە لە بابەت دروست کردن، فێربوونی زمانی کوردی بە یەکەم کەسانێک کە هەویستوویانە ببن بە مامۆستای زمانی کوردی، شوێنی مەدرەسەکە، کێ یارمەتی مادی و مەعنەوی ئەو مەدرەسەیان کردوون و یەکەمین مامۆستاکانی دەرسی کوردی و ڕوسی کێ بوون و....

بە پێی ڕاپۆرتی مەلای داودی ڕۆژی ٤ی جۆزەردان ( خرداد ) ( لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠ بە هەڵە نووسراوە ٤ی خەرمانان ( شەهریور ) کە دەبێ ٤ی جۆزەردان (خرداد) دروست بێت، چونکە لە دەرێژایی نووسینەکەدا شەوی ١٣٢٤/٣/١٢لە ماڵی میرزا ئەحمەد گادانی مەکتەبی " گەلاوێژ " دەست بەکار دەکا. هەر وەک لە دوایشدا ڕاپۆرتی جێژنی یەکەمین ساڵی دامەزراندی مەکتەبی " گەلاوێژ " لە تاریخی ١٣٢٥/٣/٥ بە بەشداریی پێشەوا و مەلا مستەفا و... گیراوە.

لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو مەدرەسەیە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان، دەتوانین بڵێن نیزێک بە یەک ساڵ و شەش مانگ تەمەنی بووە، کارو و تێکۆشانی مودیر و مامۆستاکان لە بەڕێوبردنی ئەو مەدرەسەیە جێی سەرنجە، دەبێ چەندە پشتکاریان هەبووبێت کە توانیان بە کەمترین ئیمکانات و بە باشترین شێوەی پەروەردەی ئەو کات گەورەترین خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی بکەن.

دوای ڕووخانی کۆمار، مەدرەسەکانی دەوڵەتی و مامۆستاکانی ئەو مەدرەسانە هەموو دەستیان بەکاری خۆیان کردووە، بەڵام نە مەدرەسەی " گەلاوێژ " هێشتیان بمێنێتەوە و مامۆستاکانی ئەو مەدرەسە وەک مامۆستا مەدرەسە قەبوڵ نەکران و نەیانتوانی درێژە بە کاری مامۆستایەتی بدەن.

من بابەتێکم بەنێوی " مەدرەسەی گەلاوێژ لە ڕۆژنامەی کوردستان دا " ساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکردەوە، دوای دوو ساڵ چەند زانیاری، بەڵگە و وێنەی دیکەم وەدەست کەوت و دوای زیاد کردنی ئەم بابەتانە و ڕێک و پێکردنی و.... دووبارە بڵاوی دەکەمەوە و  وەکوو دەبینین ئەم جارە بەنێوی " مێژووی دامەزراندنی مەدەرسەی گەلاوێژ " بڵاو دەبێتەوە.

وێنەی لاپەڕەی ١ مەلای داودی، مامۆستا و شاگردەکانی مەدرەسەی " گەلاوێژ "ن.

فارووق فەرهاد

٢٠٢٢/٠٩/٠٩

## دامەزرانی مەدرەسەی "گەلاوێژ"

لەسەر قەراری سەیری تەواویەتی ئەندامەکانی شاری لە ڕۆژی ٤ی جۆزەردان( خرداد ) ١٣٢٤ ـ ١٩٤٥دا لە مەزرای تەنێشت پڕدی سوور کۆبوونەوە و لای ئێوارەێ جەنابی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لەگەڵ چەندێک لە هاوڕێیانی بۆ دیتنی چڵۆنەتی سەیری برا ئەندامەکان و سەردانیان بە هاتنی خۆیان ئێمەی سەربەرز فەرموو، لە نێو وتارەکانیدا فەرمووی: ئەوڕۆکە بۆ ئێمە دانانی قوتابخانەیەک بە نێوی قوتابخانەی میللی پێویستە کە دەرس زمانی دایک و بابی خۆمان تێدا بکوترێ و لە بەرەوە وردە وردە بتوانین خەڵکی بێنینەوە سەر ڕێی ڕاست و لە خەویان وەشیار کەینەوە.

پاش تەواو بوونی فەرمایشاتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان، ئەمن "مەلای داودی " داوام کرد ئەگەربێ تۆ، پێشەوای بەڕێزمان یارمەتی بفەرمووی بەو زووانە قوتابخانەیەکی لە گەڕەکی " قوڵە قەبران " دادەمەزرێنین.

پاش تەواوبوونی سەیری ئەو ڕۆژە بۆ سبەێنی ڕا هەروا لەبەرەوە دەستەیەک لە لاوە دڵگەشەکانی شار و لە دڵسۆزەکانی دەوروبەرمان هاتنە لامو داوای سازبوونیان کرد. تاکوو لە شەوی١٣٢٤/٣/١٢دا لە خانووی " حاجی ئەحمەد گادانی " مەکتەبێک بە نێوی " گەلاوێژ " ڕوەندرا، و هەوەڵ کەسەکانی بۆ خوێندن هێرشیان هێنا ئەو برایانی خوارەوە:

١ـ عەلی فەرهادی ٢ـ سەید عەبدوڵڵا تەها زادە ٣ـ حامید خوسرەوی ٤ـ عەزیز ئیبراهیمیان ٥ـ هاشم موسا زادە ٦ـ سەدیق مەروفی سەراج ٧ـ محەمەد داودی ٨ـ حەسەن حەسەن پوور( بەداخەوە وێنەکەم بۆ پەیدا نەبوو ).( وێنەی لاپەڕەی ٤) بوون و بۆ پێخوێندنیشیان دوو مامۆستا کاک "سەعید داودی " بۆ کوتنی دەرسی کوردی و کاک " رەحمان تەلعەتی " بۆ کوتنی دەرسی ڕووسی داندرانوو.


1
2
3
7
6
4
5

چونکوو ئەو قوتابخانەیە هیچ پووڵەکی نەبوو، بۆیی خەرج بکرێت لە لایەن ئاغای "حاجی مستەفا داودی، میرزا سەعید یوسفی ، میرزا مەجید وەیسی، سەید قادر ئیفتیخاری"وە یاریدەی نیم تەخت و چرایان کرد و قەرار دادندرا کاک سەعید داودی مامۆستای زمانی کوردی، مانگی بیست تمەن و کاک ڕەحمان تەلعەتی مانگی دە تمەن بەنێوی پێشکەش لە جیاتی زەحمەتەکایان پێ بگات.

پاش مانگێک دەرس خوێندن قوتابیەکان چونکوو زۆریان واز لەسەر بوو هەتا لە هەوەڵەوە برێک لە کوردیدا بەڵەد بوون، برێک ڕام بوونو وردە وردە فێر بەبوون. هەتا لە شەوی ٢٤ پۆشپەر ١٣٢٤دا ئەو چەند قوتابیانەی نێوبڕاوی سەرەوە لە دیوێکی دەرسدا لە دەوری یەک کۆبوونەوە و قەراریان دانا هەتا دەتوانن و هەتا هێزیان هەیە پیشتیوانی لەو جێگا بەرێزە بکەنوو بۆ پێشکەوتنی کاری لە کوێرەوەری دا بن، و نێوی خۆشیان نا دەستەی "پێشکەوتن "کە هەر وەک نێوەکەیان قوتابخانەکەش وەپێش بخەن.

سوپاس بۆ خودای بەرزو بێ ئاواڵ ئەوانەش بوونە لەمپەرێک پاش چەند شەوان شەوێکی کە بۆ سێ تمەن پوڵی یەک مانگی دوو مامۆستاکان دەتەقەلا دابووین و کوتمان دەبێ هەر یەک لەو جحیلانە شتێکی پێشکەش کەن. بەڵام هەر ئەو شەوەش باسی دامەزرانی ئەو قوتابخانەیان بە ئاغای " قاسم ئیڵخانی زادە " ڕاگەیاند بوو ئەویش فەرمووی: ئەمن سەد تمەنی پێشکەش پێداویستی ئەو قوتابخانەی دەکەم. لەو لایەوەش ئاغای قاسم ئاغای ئیڵخانیزادە بۆ دووهەمین کەسێک کە یارمەتی قوتابخانەی ئێمەی

کرد، یانی هەوەڵ پێشەوای موعەزەمی کوردستان و دووهەم قاسم ئیڵخانیزادە



مەلا عەبدوڵڵا حەجوکێ "مەلای داودی "

ئەو پووڵە تاکوو دوو مانگان بۆ مەخارجی قوتابخانە پێ ڕاگەیشتوو، پاشان ئاغای حاجی سەید عەبدوڵڵا تەهازادە خانوویێکی خۆی کە گەورەیی پتر بوو لە برامبەری کرێیکی زۆر کەمدا پێشکەشی جێگای قوتابخانەی کرد، بەڵام دەرس هەر بە شەوانە دەکوترا و قوتابیش کەم بوو هەر ئەو چەند کەسانە نێوبەراوی سەرەوە بوو.

" مەلای داودی "

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠ـ ١١ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممۆ ١٣٢٤/١٠/١٢ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی ٢ی پێش نێوەڕۆ لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پێشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتگووی لازم کرا.

ئاغایانی"عەلی خوسرەوی" و " ڕەحیم لەشکری " بۆ پێشکنێری هەڵبژێردران و حوکمیان سادەر کرا و قەرار درا ئەو منداڵانەی کە بێکەسن و بە سواڵ مەشغولن کۆبکرێنەوە لەناو میللەت دا دابەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی " گەلاوێژ " بخوێنن و بۆ خرکردنەوەی ئەم هەژار و بێکەسانە بە شارەوانی ئەمر دڕا کە خرپیان کاتەوە و بیانداتە دەست ئاغایان "حوسێنی فرووهەر "و "مەنافی کەریمی " و ئەوانیش لەنێو میللەتدا بەشیان کەن.

١ـ بە ئەکسەریتەی ئارا پەسند کرا ئاغایانی فرووهەر و کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٢ـ پەسند کرا هەموو نیشانەی ( تابلۆی ) ئیداران و مەکتەب و تەجارەتخانانن و عیمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنووسرێ.


٣ـ پەسند کرا لە ئەو مندالانەی کۆدەکرینەوە تەمەنیان لە ٦ تا ١٦ سالان زیاتر نەبێ.

٤ـ لە ئاخری جەلەسەدا پەسند کرا لە جەلەسەی دیکە جۆری لیباسی شاگرد مەکتەبەکان مەعلووم کرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ پێنج شەممۆ ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤ـ١٩٤٦







ئەم وێنەم روژی افتتاحی رسمی مکتب گلاویژ کە مأموریتم لە طرف
هیئت حزب دیموکرات کوردستان هیە منداله حماله کانم
بو مدرسە خردە کردنەوە و تحویلی شارەوانیم دەدا
۲۵/۱/۱۵

وێنە: ئەم وێنەم ڕۆژی ئیفتیتاحی ڕەسمی مەکتەبی گەلاوێژ کە مەئموورییەتم لە تەڕەف هەیئەتی حیزب دێموکرا کوردستان هەیە منداڵە حەماڵەکانم بۆ مەدرەسە خڕدەکردنەوە و تەحویلی شارەوانیم دەدا ٢٥/١/١٥ ـ ٤ی ئاوریل ١٩٤٦

دەستخەتی ئاغای حوسێنی فرووهەر

وێنەکان لە کتێبی "حوسێنی زێڕینگەران ( فرووهەر ) بە ڕیوایەتی وێنە، حەسەن قازی وەرگیراوە.

## پێشکەوتن

پاش چەند شەوێک کە دەنگوو باسی خوێندنی کوردی بە هۆی ئەو دەستە لاوەکانی " پێشکەوتن "وە بڵاو ببووە قوتابی زۆر بوون ئەو چەند کەسانەی ژێر و بە زووێکی زوو هاتنە لامان کەوا نیوان لە خوارەوە دەنووسری:

برایان: مەحموود خادمی ـ عەزیز عەلیالی ـ قادر لبادی ـ ئیبراهیم داودی ـ قاسم خوسرەوی ـ جەلیل گادانی ـ سەعید قادری ـ خەلیل گادانی، بۆ خوێندن بەڵام لەو بەینەدا کاک سەعید داودی چونکوو چڵونی گوزەرانی زۆر نالێک بوو و ناچار لەتاوان دەستی لە کار هەڵگرت و لەودەمەدا برای گیانی " سەید عبیدوڵڵا تەهازادە " کە هەستی نیشتمان پەروەری وی لە نووسین نایەن و دوای ئەو نێوبانگە گەورەیە کەوتبوو هاتە لای براکانی دەستەی " پێشکەوتن " کوتی: هاتنی من بۆ جێ بەجێ هێنانی هەموو خدمەتێکە کە واپێم بکرێ بە تەردەستی براکانی دی کە لاوێکی نیشتمان پەروەریان تۆش بوو لە باوەش خۆیان گرتوو وتیان سوپاست دەکەین. هەڵبەتە ئامانجی ئێمەش هەر کوێرەوەری بۆ ئەو قوتابخانە بەرزەیە.

چەندێک پاش دیسان قوتابی زۆر بوونو گەیشتە چل کەسان و چونکوو ئەو برایانەی دەستەی " پێشکەوتن " لە خوێندن و نووسین دا سەر ڕاست ببوون نەیان دەویست دەرکی پۆلی دەرس دابخرێ، قەراریان دانا بۆ خۆیان لەبەرەوە دەرسیان پێ بڵێن و تا مودەتی دوو مانگ بەو لەونەی ڕایان بوارد و بە تایبەتی سەیدعبیدوڵڵا تەهازادە و

حەسەن حەسەنپوور و عەزیز ئیبراهیمیان دەرسیان بە جوانی دەکوت.

جێژنی دامەزراندنی مەدرەسەی گلاوێژ

پاش وەختێکی کەم جەلەسەیەکیان لە کۆبوونەوەی تەواوەتی ئەندامەکانی دەستەی " پێشکەوتن " بە بۆنەی ئەمن کە مودیری مەدرەسە بووم دایان مەزراند وایان هاتەبیر کە جێژنێکی بە نێوی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە و سازبوونی ئەو دەستەی لاوانی نیشتمان پەروەر بگرن و بانگ هێژراوەکان لە چلۆنەتی ئەو قوتابخانە کە لەسەر فەرمایشی پێشەوای موعەزەمی کوردستانەوە پێگەیوە باس بکەن و تەواوی ئەهلی سابلاغ بۆ خوێندن دڵخۆش پێ بدەن تاکوو شەوی ١٣٢٤/٣/١٢ بەرامبەری کاتی بانگهێشنێکی کە نووسرابوون بە قەراریە ٤٠ کەس لە گەورەکانی شاری بە هاتنی خۆیان جێژنەکەی مەیان لە حەساری مەدرەسەدا ڕازاندەوە، و بە تایبەتی تەشریف هێنانی پێشەوای بەڕێزمان رووناکایەتی زیاتر لە رووی دانیشتوان دا پەیدا بوو. ئەگەرچی ئەو جێژنە زۆر کورت و کەم بوو بەڵام بە خۆشی ڕابرد. ئەو پروگەرامی جەلەسەکەش کەوا نێوی هەر یەک لە زحمەتکیشەکانی تێدا دەنوینری لە خوارەوە دەنووسری:

١ـ سەعاتی ٢ لە شەوی چووبوو لە لایان محەمەد مەلای داودی یەوە کردنەوەی جەلەسە باسکرا.

٢ـ خوێندنەوەی شیعری میللی لە لاین تەواوی لاوەکانی قوتابخانە

٣ـ وەتاری ئاغای هاشم موسا زادە لەمەر " زانست "

٤ـ مقالەی ئاغای قادر لبادی لەمەر " دەبیەکار "

٥ـ شیعر و وەتارێکی ئاغای حەسەن حەسەنپوور لەمەر " زوو فێر" بوونی زمانی کوردی .

٦ـ شیعر و وەتەی ئاغای چووکەڵ گەوهەری لەمەر " شەوق بۆ کار "

٧ـ خوێندنەوەی هەڵبەستێکی بەتین لەسەر ئاغالەی تەهازادە

٨ـ وەتاری بەتینی ئاغای سەید عەبدوڵڵا تەهازادە لەسەر پێویستی خوێندنی زمانی کوردی بۆ هەموومان.

٩ـ خوێندنەوەی شیعری میللی لە لاین تەواوی لاوەکانی قوتابخانەوە.

لە پاشان پێشەوای موعەزەمی کوردستان بە فەرمایشاتی خۆیان کاربەدەستان و زەحمەتکێشەکان ئەو قوتابخانەی لاواندەوە و قەوولی کۆمەک و یارمەتی زۆرتری فەرموو. دوو قوتابی حەسەن حەسنپوور و چووکەڵ گەوهەری کەوا لە ماوەیەکی کەم فێری خوێندن بوون خەلاتی کردن و بە تایبەتی گەلێک لە گەورەکانمان لە دەفتەری بیرەوەریدا لە دەستە "پێشکەوتن "و سازبوونی قوتابخانە و مودیری ئەو قوتابخانە ئیزهاری ئافەرینیان نووسی و لە ئاخریدا جەنابی مەلا سەدیق تەبرێکی جێژنەکەیان فەرموو و جەلەسە دوایی هات.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٢ـ ١٣ ـ ١٤ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦



قوتابیانی مەدرەسەی "گەلاوێژ" ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

دانیشتوو لە ڕاستەوە: مەجید کوچری، تەها موکری، خەلیل عەسکەری، قاسم خوسرەوی، محەمەد سادق شەرفی، محەمەدمین مرادیان، جەلیل گادانی، محەمەد سوڵتانی.

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: فەتاح چاوشیت، قادر شێنکی، سەید سمایل ئەیوبیان، محەمەد، سەید عوبەیدوڵڵائەیوبیان، ئیسماعیل ساحیب، مەحموود نعلبندی، عەبدوڵڵا زهاوی، عومەر شنگەیی، تەها ئیسماعیل زادە، خەلیل گادانی.

وێنە لە کتێبی: ساجبلاغ موکری، مهاباد در آیینە اسناد تاریخی، فریدون حکیم زادە.

قوربانی

ئەمن چەند ساڵ لەوەی پێش عەهدم کرد لە کاتێکدا کوردستان سەربەخۆ بێ خۆم و دوو کوڕم خۆمان بکەین بە قوربانی.

ئێستاش ئاواتم بەجێ هاتووە ئامادەین دەگەڵ ٥٠ نەفەر شاگرد داوتەلەب بە ئیزنی باوک و دایکیان ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٦ لەپێش عیمارەتی دکتۆر یوناتان وەفا بە عەهەد بکەین.

مەلای داودی

ڕۆژنامەی کوردستان: برایانی خوێن گەرم و پێشمەرگە کە حوسنی نەزەری مووبارەکی پێشەوا و ڕەئیس جەمهووری بەرزی کوردستان لە بەر ئەوەیە کە ئەنگۆ شاگردەکانتان بە جۆری کە پێویستە تەربیت و ئامادە بیکەن کە بە پێی ئەمری پێشەوای خۆتان لە ڕۆژی پێداویست دا قەسابی لە دوژمنی کوردستان بکەن و لە مەیدانی کارزاردا ببن بە قوربانی.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ چوارشەممۆ ١٧ی ڕێبەندان ١٣٢٤ـ١٩٤

زۆربوونی قوتابی

مەبلەغی ٧٥ تمەن کە لە جێژنی ڕابردوو دا کۆکراوە بە خەرجی پێداویستی قوتابخانە گەیاندڕاو بەڵام لەو لانەدا قوتابی گەلێک زۆر بوون و دوو پۆلیان بۆ داندڕا. پۆلی ئامادە و پۆلی یەک و دەرسی ئەو دوو پۆلانە لە لایەن سێ ماموستا، عەزیز ئیبراهیمیان، سەید عبیدوڵڵا تەهازادە، محەمەد داودی دەکوترا و بە ئیفتیخاری ڕۆڵەکانی ئەو خاکەیان دەگەیاندی و فیداکردنی گیانی خۆیان لە ڕێی سەربەرزی نیشتمان دا تییان دەگەیاند.

لە نتیجە جەلەسەیەکی بە بوونی مودیری مەدرەسە "مەلای داودی" و ماموستا و لاوە دڵگەشەکانی پێگەیشتووی قوتابخانەی بۆ تێگەیاندنی خەڵک بۆ وەپێش دانی ئەو جیگایە بەرترە شەوانە کە ئەندامەکانی دوو گەڕەکی " قوڵە قەبران " و " ئەرمەنیان " لە مزگەوتی گەڕەکەکانی خۆیاندا جەلەسەیان دەبوو و وایان پێ باش بوو کە بچنە لایانوو بە هۆی هەڵبەستی باش و وتاری باش فکریان بڕێک روون کەنەوە و تییان بگەینن کە بە کوردی نووسینیش هەیە و کوردیش میلەتێکی نەجیب و خاوەنی حەقە و ژیانی دەویت و چیدی زەنجیری دیلی بە مڵ خۆیەوە، هەڵناوەسی و دەیپسینی بە زووێکی زوو ئەو کارەیان دەس پێکرد و هەر وەکوو بەشی زۆری دانیشتووان و گەورەکانی بەرزی شارەکامان ئاگاداریان هەیە و لەو شارانیشدا کە لە هیچ جێگایەک مەجلس نەدەبوو خەرێکی دەرس پێکوتنی و پێگەیاندی قوتابیکانی دڵگرم و ئەولادەکانی تا ئەندازەیەک لە

خوێندن و نووسینەوەدا شارەزاییان پەیدا کردبوو خەریکی فێر بوونی زمانی بەڕێزی رووسی بوون.

لە واقع دا کاک ڕەحمان تەلعەتی مامۆستای دەرسی رووسیش گەلێک خەریکیان بوو کە زووتر ئەو بەرەی پێگەینی لەودەمە ئەو قوتابەکانی کەوا زووتر هەوڵ پاردەدا و زیاتر خەریک خۆیان بوون پێشتر دەرخست لە دەرسی کوردیدا:

١ـ جەلیل گادانی ٢ـ مەحموود ناڵبندی ٣ـ محەمەد سادەقی ٤ـ سەعید قەتاری ٥ـ محەمەد ئەمین کوڕی کورد ٦ـ قاسم خوسرەوی ٧ـ خەلیل گادانی بوون. کە کردەوەی وانەی لەبەر چاوی گەلێک لە دانیشتوانی گەڕەکانی شار وەک ڕۆژ دیاریە و لە زمانی رووسی دا:

١ـ عەزیم لوتفیانی ٢ـ سەید ئیسماعیل قورەیشی ٣ـ یونس نەوزەری ٤ـ مام ئەحمەد عەلیالی بوون، لە ڕۆژی جێژنی کۆنگرەی تەشکیلی حیزبی دێموکراتدا کە لە داهاتوودا باسی دەکرێ بە جوانی خۆیان نواند.

مەلای داودی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩ ـ ٢٠ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦

کار چــاکی

لە کۆبوونەوەی جێژنی ١٢ی ڕێبەندان لە شرکەتی تەرقی کوردستان ئاغایانی ژێرەوە:

| | |
|---|---|
| قاسم ئیلْخانی زادە | ١٠٠٠٠ ریال |
| سولْتان ئاغای مەروفی | ١٠٠٠٠ ریال |
| قادر ئاغای عەزیزی | ٥٠٠٠ ریال |
| هەمزە ئاغای عەزیزی | ٥٠٠٠ ریال |
| عەزیز ئاغای عەباسی | ٥٠٠٠ ریال |
| ڕەحیم ئاغای سیف قازی | ٥٠٠٠ ریال |
| برایم ئاغای قارەمان | ٢٠٠٠ ریال |
| هەژار شاعیر میللی | ٥٠٠ ریال |
| هێمن شاعیر میللی | ١٠٠٠ ریال |

پیروت ئاغای ئەمیر عەشایری ١٠٠٠٠ ریال.

پوڵی سەرەویان بە یارمەتی مەکتبی" گەلاوێژ " تەقدیم کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان: ئەو نموونەیەکی نیشتمان پەروەری نەتەوەیی کوردە کە لە هەموو بابەتێکەوە بە گیان و دڵ و فیداکاری حازرن. ئێمە بە نۆبەی خۆمان سوپاسیان دەکەین و هیواداریــن خودا موفقیان بکا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١١ ساڵی ١٣٢٤ _ ١٩٤٦

جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان

ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانی زادە لە جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان لە لایەن بزازان بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان وتی: هەتا جێژن و شادی کوردان زیاتر دەبێ سەرکەوت و خۆشبەختی زۆرتر ڕوومان تێدەکا.

شتێک کە جەلبی تەوجوهی کردووم " مەدرەسەی گەلاوێژ "ە. چونکە لەمەوبەر هەتیو و منداڵی بێ دایک و باب و بێکار لە کوچە و بازار دەخولانەوە و ئەسبابی زەحمەت و نارەحەتیان بۆ خەڵکی پێک هێنابوو و هەم بۆ جامەعەی کوردان نەنگ بوو.

لە نەتیجەی فکری تیزبینی پێشەوای مووعەزمی کوردستاندا ئیقدام بە تەئەسیسی مەدرەسەی " گەلاوێژ " کرا و لە موودەتێکی زۆر کەم تەرەقی و پێشرەفتێکی مەحسوسی کردووە و لە واقع دا مەدرەسەی " گەلاوێژ " وەک دایکی بە ڕووحم منداڵان لە ئامێزی خۆی دەگرت و بۆ تەربیت و تەعلیم وان بۆ خزمەت بە نیشتمان خۆیان گەورە دەکا.

میساڵی مەدرەسەی " گەلاوێژ " وەک مەتلەبێکی گەورەیە کە لە لایێکی کاغەزی سپی تێداوێژێ و لە لایێکی دیکە لەو کاغەزە سپیە یەک عیبارەت مناڵان دەگەڵ خۆی وەدەر دەکا. جا کە دنیایێک لە وجوودی خۆی بەهرەوەر دەکا. مەدرەسەی "گەلاوێژ "کوڕ و جحیلانی لایق و خوێندەوار دکتۆر ـ عالەم تەحویلی جامەعی دەدا. کە خزمەت بە نیشیمان و هاونیشتمانی خۆیان بکەن.

لازمە کە بۆ پێکهێنانی ئیحتیاجات و ڕەفعی نەواقیسی ئەو مەدرەسە سەعی بکرێ و ئەو ئیحتیاجاتش بە هیمەتی برایانی کورد پێک دێ. چۆن ئێستا لە لاین وەزارت مەعارەفی کوردستان بوودجە و ئعتیبارێک بۆ ئەو مەدرەسەی داندەراوە.

کاریش ئەگەر بە پووڵ جێ بە جێ بێ چۆن دەبێ مەزایقە بکرێ. ئەوەتا هەزار تمەنم تەقدیم کرد. سایەری ئاغایانیش دەبێ هیمەت بکەن لە پاشان عموومی حوزار هەرکەس بە هیمەتی خۆی مەبلەغێکیان تەقدیم کرد.

پیروت ئاغای ئەمیر ئەعشایری وتی: برایانی خۆشەویست کۆمەک بە مەدرەسەی " گەلاوێژ " شەرەت نییە ئەمەسی برامان گیراوە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو برایانە خەلاسیان بێ و خانەوادەی وان تەئمین بکرێتەوە.

پێشەوا: من لە ئێحساسات و وەفاداری ئاغای پیروت ئەمیر عەشایری تەقدیر دەکەم. ئەورۆ لە تەواوی خاکی کوردستاندا جێژن و شادیمانیە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٣ چوارشەممۆ ١٥ ڕەشەمە ١٣٢٤ـ ١٩٤٦



قاسم ئاغای ئیڵخانی زادە

یارمەتی

برای بەڕیز " مەلای داودی " مدیری مەدرەسەی " گەلاوێژ " وەڵامی داوە کە:

برای خۆشەویست " هەژار " شاعیری میللی ۲۰۰ ریال یارمەتی مەدرەسەی "گەلاوێژ "ی داوە.



وێنە: مامۆستا هەژار

برا سەید مستەفا سەیدی ۹ شوشە جەوهەری سوور، سەد بەرگی کاغەزی سپی، یەک بەستە قەڵەمی قامیشی بە قوتابی هەژارەکانی مەدرەسە نێوبراو پێشکەش کردووە.

مەلای داودی

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۷ شەممۆ ٦ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲٤ ـ ۱۹٤٦

شانۆی سەلاحەدین ئەیوبی کورد

مەلای داودی باس لە شانۆی " سەلاحەددین ئەیوبی کورد " دەکا، زۆر کەم باسی ئەم شانۆ کراوە و ئەگەر کرابێ لە زۆر کتێبی مێژووی دا بە هەلە باس کراوە. مەلای داودی دەنووسی:

جەلەسەی شەوی ١٤ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٤دا پەسندیان کرد بۆ وەگیرهێنانی خەرجێکی باش بۆ مخارجی قوتابخانە کە کاری لەنگ نەبێت تیاتریەکی بەنێوی " سەلاحەددین ئەیوبی کورد " بنوێنن و لە ماوی شازدە ڕۆژندا ئەو تیاتر وەیان رەوان کرد و لە شەوی هەینی ٣٠ گەلاوێژ ١٣٢٤دا لە گاراژی شێروخۆرشید دەس پێکراو و دوو جاران دووپاتەیان کردەوە، و زەحمەتکێشەکانی ئەو تیاترە ئەوانەی خوارەوە بوون:

محەمەد داودی ـ هاشم موسا زادە ـ قادر یوسفی ـ عبیداللّٰە ئەیوبیان ـ عەزیز ئیبراهیمیان ـ مەحموود خادمی ـ سەدیق مەروفی سەراج ـ چووکەڵ گەوهەری ـ حامید خوسرەوی ـ غەفور یاهو ـ ڕەحیم داودی ـ عەلی فەرهادی ـ حەسەن حەسنپوور ـ وەهاب فەرجی ـ برایم داودی ـ عەزیز عەلیالی.

کە پاش نواندن بە حەزووری چەند کەس لە گەورەکانی شار حیسابیان لێک داوە و مەبلغی ٣٠٠٠ ریال بە ئاگاداری وان بە سەندوقی قوتابخانە گەیشت. هەوەڵ شتێکی لەو پووڵەی کردڕا یەک سەد پوت دار بۆ سووتاندنی دیوەکانی دەرس و دەمی زستان بوو لەودەمدا کتێبخانەیەکێشان ساز کرد بۆ کۆکردنەوەی کتێبان لە

هەموو لایەکەوە لە تەلاش دابوون کە ئەیستاش ئەو کتێبخانە هەر ماوە و نێوی " پەراویخانەی گەلاوێژ "ە، کە ڕۆژانە قوتابیان سەعاتێک لەویدا خەریکی خوێندنەوەی پەرراویەکان دەبن.

مەلای داودی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٠ ـ ٢١ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٣٢٥

بە ئەمری پێشەوا

بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە شەوی هەوەڵی بەفرنباری ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ مەدرەسەی "گەلاوێژ" بوو بە ڕۆژانە و ئێستا شاگردی ڕۆژانە ٥٠٠ نەفەر و شاگردی شەوانە ١٥٠ نەفەر لە ئەهلی ئەو شارە لەو مەدرسەدا دەخوێنن. بەڵام بێجگە لە کوڕی کاکە سواری منگور لە ئاغایانی عەشایر کوڕی هیچ یەک لەوان نەدمدیوە کە بێنە ئەو مەدرەسە ئەگەرچی هەمووشیان کۆمەگیان بەو مەدرەسەی کردووە نازانم کە لە سستی بۆ ناردنی منداڵی خۆیان چە رەفاهییەتێک هەیە. رجا لە هەمووان ئەوەیە کە بۆ دوای تەعتیلاتی لە پاش هاوینی ئەو ساڵە کە خەرمانانی ١٣٢٥ ە منداڵەکانیان بۆ ئەو مەدرەسەی کە مەدرەسەیێکی میللیە و بە زمانی دایکو بابی خۆیان دەخوێنن و قەولیان پێ دەدەرێ کە لە بەرانبەر بە خوێندنی ساڵانی پێشوو کە شەش ساڵ دەیان خوێند بە دوو ساڵ فێری خوێندنەوە و نووسین ببن.

مەلای داودی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٥ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦



مەهاباد: ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ مەدرەسەی "گەلاوێژ"

ڕاوەستاون لە ڕاستەوە: محەمەدی داودی ( کوڕی مەلای داودی ) ـ سەیفوڵڵا نانەوازادە.

دانیشتوو لە ڕاستەوە: ١ـ ؟، ئیبڕاهیمی داودی( کوڕی مەلای داودی ) ـ عەزیز مەولەوی، مەلای داودی( مەلای حەجۆکی ) ـ غوڵام حوسینی نانەوازادە ـ محەمەدئەمینی دانیش پەژوو.

زۆر سپاسی کاک کەماڵی عەبدوڵڵاهی دەکەم کە ئەم وێنەی بۆ ناردم.

مووژده به برایانی کورد

ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بۆ سوودی عموومی دوو کلاسی دەرسی رووسی شەوانە لە مەدرەسەی" گەلاوێژ " کردووتەوە و مونەزەم دەرسی رووسی لێ دەخوێندری ئەوانەی دەیانەوی رووسی فێر بن بە زوویی موراجەعە بە دەفتەری ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بکەن و نێوی خۆیان بنووسن و شەوانە خەریکی دەرس خوێندنی رووسی بن.

مەعاونی سەرۆکی فەرهەنگی کوردستان ـ دڵشاد ڕەسووڵی


ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧١ یەک شەممۆ ٦ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥

مەسعوود حەسەنپوور

مەسعوود حەسەنپوور شاگردی پۆلی ٣ مەدەرسەی " گەلاوێژ " نامێکی لە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە و تەبرێکی لە دەرکەوتنی ڕۆژنامەی کوردستان کردووە و دەنووسی:

ئەمن ماوەیەکی زۆر کەمە لە مەدرەسەی " گەلاوێژ " بە زمانی کوردی کە زمانی زگمانگی خۆمە دەخوێنم و لەم ماوە کەمەدا زۆر وەپێش کەوتووم. زۆری سپاس لە جەنابی پێشەوای کوردستان کردووە کە ئەم مەدرەسەی بۆ منداڵانی کورد تەئاسیس فەرمووە و دەڵێ: ماموستاکانی ئەم مەدرەسەی لە تەربیت کردنی منداڵانە زۆر کوشش دەکەن و شایستەی سوپاسن.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥ ساڵی ١٣٢٤ ـ ١٩٤٦



مهاباد : سال ۱۳۲۵ شمسی ـ مدرسه گلاویژ
از راست : ۱ـ محمد داودی ( پسر ملای داودی)
۲ـ علی فرهاد (دل روون)

وێنە: مەهاباد ـ ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ مەدرەسەی گەلاوێژ لە ڕاستەوە: محەمەد داودی" کوڕی مەلای داودی" ـ عەلی فەرهاد "دڵ روون"

٧ قوتابی مەدرەسەی گلاوێژ

ئێمە ٧ کەس لە قوتابیان مەدرەسەی " گەلاوێژ " کە سێ مانگە خەریکی خوێندنی زمانی کوردین لەبەر ئەوەی کە خوێندنمان بە زمانی زگمانگی خۆمانە لە موادی دەرسەکانی قوتابخانە: جوغیرافیا، حیساب، هەندەسە، دین، ئەدەبیات، بە بۆنەی کوششی ئاغای " مەلای داودی " مدیری قوتابخانە و باقی ئامۆژگارەکان زۆرمان پێشرفت کردووە، ئامادین لەسەری ساڵدا تاقی بکرێنەوە و داخلی دەبیرستان بین لە خودا دەخوازین پێشوای خۆشەویستمان کە ئەم قوتابخانەی بۆ ئێمە دامەزراندوە هەر پایەدار و سەر بڵێند بێت، و توفیقی کارگەرانی قوتابخانەکەش لە خودا دەخوازین.

لە لایان ٧ کەس شاگردی قوتابخانەی" گەلاوێژ "ـ محەمەد سادەقی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٤ ساڵی ١٣٢٤ـ ١٩٤٦


بۆ ئاگاداری ئاوالان


چەند شاگرد لە شاگردانی مەدرەسەی" گەلاوێژ " ڕەحیم شەوەزنگی ، ئەحمەد تاهیری، برایمی فەرهەنگی، هاشمی اقل الطاب، سەدیق قەوی پەنجە، نامەیەکیان لە ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە دەڵێن:

سێ مانگ لەوەی پێش شەوانە بۆ دەرس خوێندن لەو مەدرەسەیە حازر بووین دەگەڵ وەی کە کامیلەن بێسەواد بووین لە ماوەی سێ مانگەدا لە سایەی تەوەجوهاتی حەزرەتی پێشوای بەرز و کوششی مدیری ئەو مەدرەسەیە سەوادێکی باشمان پەیدا کردووە و ئێستا

دەتوانین لە عوهەدی ئیمتیحان ببێنەدەری دەتوانین زۆر چاک بە زمانی شیرینی کوردی بنووسین، بخوێنینەوە ئەو ئاوالانەی بێسەواد پێشووی خۆمان ئاگادار دەکەین کە ئەم نعمەتە بە غەنیمەت بزانن و تا زوویە بۆ خوێندن خۆیان بەم مەدرەسە بناسێنن.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۷۱ ساڵی ۱۳۲۵ ـ ۱۹٤٦





وێنە: لە ڕاستەوە: سەدیق قەوی پەنجە ـ هاشم حەق تەلەب

## پۆلی ساویان



وێنە: مەدرەسەی "گەلاوێژ" پۆلی ساوایان ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

دانیشتوو لە ڕاستەوە: محەمەد گادانی ـ محەمەد ئەمین داودی ـ قادر دانشیار ـ سەید عبیداڵڵە ئەیوبیان" ماموستا " ـ ئەمیر ئیمامی ـ عومەر مودەرسی ـ قادر ئەحمەدی.

ڕەدیفی دووەم لە ڕاستەوە: ئەمیر جوانمرد قازی ـ عەبدوڵڵا بەدیعی ـ عەبدوڵڵا جەوانمرد قازی ـ عەبدوڵڵا سیف قازی ـ جواد عەلیالی ـ ئیبراهیم دەهیستانی ـ ئیبراهیم موکریانی.

ڕەدیفی ئاخر لە ڕاستەوە: ئیبراهیم داودی " ماموستا " ـ یوسف عەلیالی ـ عەزیز شاروخ ـ عەلی یوسفیان ـ کاوس بووختون نەسر ـ

مەجید حیسامی ـ ڕەحیم رەفیقی ـ کەریم دانشیار ـ حوسێن دلاوری ـ محێدین نەزامی " مامۆستا ".

مامۆستا سەید عوبێدوڵڵا ئەیوبیانی مەزن یەکەمین مامۆستای پۆلی ساوایان سەردەمی کۆماری جوانە مەرگی کوردستان بوو.

وێنە: لە کتێبی ساجبڵاغ مکری، فەریدون حەکیم زادە وەرگیراوە.

لە پۆلی ساوایان دا ٢١ منداڵی سەروپێچکە بە زەمزەمەی ئاهەنگیی شیعر و گورانی مامۆستا سەید عبیداڵڵە گۆش کران، منیش یەکێک لەو ٢١ کەسە بووم. سرودی:

ئێمە پۆلی ساوایان هەموو وەکوو برایان

لە ئامێزی دەبوستان گوڵستانی کوردستان

بژی بۆمان پێشەوا بابی بە میهر و وەفا

بژین هەتا و هێدی دڵ نادەین بە چ جێی دی

" کەریم دانشیار "

لە لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کاک کەریم دانشیار وەرگیراوە.

جێژنی یەک ساڵەی مەدرەسەی "گەلاوێژ "

ڕۆژی ٥/٣/ ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦ ساتی سێ پاش نێوەڕۆ بە موناسبەتی یەکەمین ســاڵی دامەزراندنی دەبستانی "گەلاوێژ " لە دەبستانی نێوبڕاو جێژنێکی موجەلل گیرا لەم جێژنەدا حەزرەتی پێشوا و جەنابی حاجی بابا شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی و ژەنەراڵ مایور مستەفا بارزانی و ژمارەیکی زۆر لە کاربەدەستانی حیزبی دیمۆکرات حوزوریان بوو. لە پێشدا ئاغای سەید محی الدین نەزامی بەرنامەی جێژنی بەریزی ژێرەوە بە عەرزی حوزار گەیاند:

١ـ خۆش هاتنکردنی و سوپاس لە هاتووەکان لە لایان مەلای داودی

٢ـ ئەهەمیتی" الف و ب " لە کلاسی ئامادەدا لە لایان عەلی گوڵجبینی

٣ـ سرودی میللی "نیشتمانم ڕەنگینە "لە لایان شاگردان

٤ـ چەند وەتارێک راجع بە دەبستانی" گەلاوێژ "سەید عەبدوڵڵا تەهازادە

٥ـ سەرودی ئاڵای کوردستان بە لهجەی بارزانی لە لایان شاگردان

٦ـ وەتاری کۆڕی کورد شاگردی دەبستان

٧ـ ئەشعاری شاعیری میللی "هەژار "

٨ـ سوپاس لە ماموستایانی دەبستانی"گەلاوێژ "، ئەحمەد خەلیلزادە

٩ـ مەقالەی "ڕێی رووناکی کۆمەک "لە لایان، محەمەد مەحموود

١٠ـ مەقالەی " فەرهەنگ و گەلاوێژ " لە لایان حەسەنی داودی

١١ـ هەڵبەستی منداڵی خاوین لە لایان، ئەحمەد فراقی، کۆڕی کورد، محەمەد فراقی

١٢ـ سوپاس لە دەستەی " پێشکەوتن " بە تایبەتی لە برای خۆشەویست سەید عبیدوڵڵا تەها زادە لە لایان عەلی گولجبینی

١٣ـ چەند قسە بە زمانی رووسی لە لایان محەمەد تەلعەتی بۆ قوتابی پۆلی ئامادە

١٤ـ پێنج حشتەکی قانع لە لایان، عومەر محەمەد پشکۆ

جایزەدان بە ٦ نەفەر شاگرد لە لایەن، حەزرەتی پێشەوا

بەم ترتیبە جێژن لە ساتی ٥ داوی هات و پێشەوای خۆشەویست هاتە حەساری دەبستانی تەواوی شاگردان رێژەیان لە بەرامبەر دا دا.

پێشەوای خۆشەویست بە زمانێکی شیرین و وەکوو بابێکی میهرەبان بە شاگردانی کوت: رۆڵەکانم خۆش بن.

ئەو کوتەیە دڵی شاگردان زۆری تەئسیر کرد و هەموو زۆر بە خۆشی و ئیفتیخار جوابیان دایەوە.

رۆژنامەی کوردستان، شمارە ٥٣ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦



وێنە: مەهاباد، ڕێژەی قوتابیان لە بەرامبەر پێشەوا قازی محەمەد ساڵی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

وێنە: لە کتێبی ساوجبڵاغ مکری، مهاباد در آیینه اسناد تاریخی فریدون حکیم زاده

عەزیز ئیبراهیمیان

کاک عەزیز ئیبراهیمیان، بەخۆشیەوە لە ژیان دا ماوە و من توانیم لە تاریخی ١٣٩٨/١٠/٧ ـ ٢٠١٩ /١٢/٢٧ وتووێژێک لە ڕێگای تەلەفۆن لەگەڵ ئەو بەڕێزە بکەم.

بەداخەوە کاک عەزیز زۆر شتی لەبیرنەماوە، بەڵام من نووسینەکانی مەلای داودی کە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا چاپ کراون بۆم خوێندەوە، و کاک عەزیز وەبیری دهاتەوە. تەئیدی تەواوی ئەو نووسینانەی مەلای داودی دەکرد، و دەیگووت: کە عوسمان دانیش زۆر هاتووچووی مەدرەسەی " گەلاوێژ "ی دەکرد و یارمەتی ئێمەی دەدا. من خۆم مامۆستای دەرسی کوردی بووم و زیاتر شەوانە درەسم بە شاگردەکانی بە تەمەن دەکوت.

کاک عەزیز لە درێژایی قسەکانی باسی شانۆی "سەلاحەدین ئەیوبی کورد " کرد و گوتی: کە مەلای داودی شانۆکەی دا بە کاک عەبدوڵڵا نەهری کە بە دەستخەتی خۆی بینووسێتەوە، و بێدا بە ئێمە، چونکوو ئاغای نەهری دەستخەتی زۆر خۆش و جوانی هەبوو.

کاک عەزیز، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە قاسم ئاغای ئیڵخانیزادە زۆر یارمەتی مادی و مەعنەوی ئێمەی دەکرد و زۆر جار سەردانی مەدرەسەی " گەلاوێژ "ی دەکرد.

سوپاسی کاک کەریم ئیبراهیمیان کە ئەو وتووێژی بۆ رەخساندین. هیوای ساخی و سلامەتی و تەمەن درێژی هەرچی زیاتر بۆ کاک عەزیز ئیبراهیمیان، مامۆستای زەحمتکێشی دیرینی کورد.



کاک عەزیز ئیبراهیمیان ساڵی ١٣٩٨ ـ ٢٠١٩

سەرچاوەکان:

ـ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١، ٧، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٥٣، ٦٥، ٧١

ـ ساوجبلاغ مکری ( مهاباد ) در آیینەی اسناد تاریخی، تألیف: فریدون حکیم زادە چاپ اول سال ١٣٨٩

ـ حوسێنی زێڕینگەران ( فرووهەر ) بە ڕیوایەتی وێنە، حەسەن قازی

ـ سایتی ڕوانگە، بەرپرس حەسەن قازی

ـ لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز کەریم دانشیار

ـ ئالبوومی بنەماڵەی عەلی فرهادی

ـ ئارشیڤی دۆستی بەڕێز کاک کەماڵی عەبدوڵڵاهی